

# ئەلیکسی دی تۆکڤیل و پیادەی دیموکراسییەت

سیلڤان ئەلمان
لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد

گۆڤارێکی فکرییە دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم



**ئایا یەکسانی لە هەلومەرجەکاندا هاوتایە بە مومارەسەی دیموکراسی؟ ئەمە پرسیارە سەنتەرییە کە بوو لە بیرکردنەوەی ئەلیکسی دی تۆکڤیل (١٨٠٥-١٨٥٩)دا. هەروەها پرسیارێکیشە سەبارەت بە ئەگەری بوونی دیموکراسی.**

تەمەنی ئەلیکسی دی توکڤیلا (٢٥) سالان بوو، کاتێك دەستیکرد بە گەشتە بەناوبانگەکەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەتا لە ساڵی (١٩٣١)دا. هێشتا فەرەنسا لە سەردەمی شۆرشەوە نەبووە خاوەنی رژێمێکی سەقامگیر و فەرمانرەوایەتی پاشایەتی دەستوریی. ئینگلیزیش کە هەمیشە وەك مەرجەعێك باسدەکرا نەگونجاو و ناقۆلابوو، ئەوەش بەو ئەندازەیەی کە فەرەنسای نیشتمانی مافی مرۆڤ. بە بڕوای تۆکڤیل زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە لە مێژە لە پرۆسەیەکی بێ پاشەکشەدایە: ئەویش بریتییە لە پرۆسەی یەکسانی لە «هەلومەرجی ژیانداری».

لەم پەرێزە (سیاق)دا بەرفراوانکردنی مومارەسەی ئازادی سیاسی و ...؟ بۆ سەرجەم تاکەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی کاتی ئەوە هاتبوو کە بە شێوەیەکی یەکجاری ئۆرستۆکراسییەت جێ بۆ دیموکراسییەت چۆڵ بکات.

لەگەل ئەوەشدا یەکسانی لە هەلومەرجدا یەکسانە بە مومارەسەی ئازادی، ئینجا ئایا پێدانی مافی دەنگدان بە هەموو هاونیشتمانیان بەبێ هەڵاواردن، دیموکراسی ناگەیەنێتە فەوزا؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە، گەشتێکی بۆ ولاتە یەکگرتووەکان کەتاکە نموونەی دەرکەوتووی گوزەرانی دیموکراسیی لیبراڵییە، ئەنجامدا، دوای ئەمەش کتێبێکی دوو بەرگی «لەبارەی دیموکراسییەوە لە ئەمریکا» نوسی.

بەرگی یەکەم سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. وەك رشتەیەکی کلاسیکی، بە رێگایەك هەلسوکەوتی کردوە، کە لە کارەکانی مۆنتسکیۆی وەرگرتوە: تۆکڤیل یەك بەدوای یەك ئامادەسازییەکانی سەرکەوتنی سروشتی و یاساکان و دواجاریش خوو و رەوشتەکەی پەسندەدات، کە دەتوانێت تاکە سواری و سەرچلی کۆمەلگەی ئەمریکی راڤە بکات. بەبێ ئەوەی لە کاریگەری مۆنتسکیۆ دەربازی بووبێت، بەرگی دووەمیش دیموکراسی وەك «تایپ-ئایدیال» تاوتوێ دەکات.

کتێبی «لەبارەی دیموکراسییەوە لە ئەمریکا» بە دەستنیشانکراوی لەگەل تێزێکدا کە تا ئەو ماوەیە جێی رەزامەندی بوو، یەکتر دەبرن، کە دەلێت دەبێت یەکسانی لە مومارەسەی هاونیشتمانییانەوە دیاریبکرێت، بەبێ بوونی هەر شتێك کە کۆسپ بخاتە بەردەم ئازادی. وەلێ دیموکراسی ئەمریکی بەلگەی تەواو پێچەوانە دەداتە دەست. بە دلنیاییەوە لە دیموکراسی ئەمریکیشدا سەرداران و خزمەتکاران، خاوەن کار و کرێکاران بوونیان هەیە، بەلام پەیوەندییە دەستاوەکانیان وەهایە کە بە پرەنسیپی یەکسانی دەچەرخێت. لەسەر ئاستی سیاسی، دیموکراسی بە بەخشینەوەی هاوسەنگی دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و، بە هاوبەشی چالاکانەی هاونیشتمانیان لە ژیانی سیاسی لۆکالی و، دەسەلاتی رای گشتیدا، تەرجەمە دەکرێت.




دیمەنی رۆژانە کە بەم شێوەیە کۆمەلگەی ئەمریکی دەیخاتە روو، زۆر نابێتە مایەی هۆگربوونی تەواوی تۆکڤیل. ئەو کەسە ئۆرستۆکراسە، نا ئومێدی خۆی ناشارێتەوە، کە بە شێوەیەکی تایبەت خاکیبوونی دەستەی سیاسی و «رۆشنبیرە ئەمریکییەکان» لای دروستیان دەکرد. لە چەندین لایەنەوە دیموکراسییەت لە بەراورددا بە ئۆرستۆکراسییەت هێزی خۆی پەیدا ناکات. بەلام ئەم نەنگییانە هاوبەرامبەرێتی سروشتین بۆ ئامادەگییەکی کردەیی هاوبەشی یەکسانی و ئازادی و وەك یەکی ئەو هەلومەرجانەی کە دەیرەخسێنێت.

بالادەستی دەسەلات بەسەر تاکەکەسەوە

دیموکراسی ئەمریکی تایبەتمەندییەکی دیکەی هەیە ئەویش پارێزگاریکردنە لە خۆی. هۆکاری ئەمە، کە بیرۆکەیەکی کاریگەر بوو لەسەر تۆکڤیل، ئەوەیە کە دیموکراسییەت لە رێگەی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونەوە کە وای لێدەکات، بەو ئەندازەیەی بکەوێتە ناو ستەمکارییەوە و نەکەوێتە ناو فەوزاوە، لە ناوەوە مومارەسە دەکرێت، بەلام لە کتێبەکەدا وا دەردەکەوێت کە هەرگیز تاکەکان لە هەمان هەلەوە ناروانن. بە هەر حال ئەم تاکانە خۆیان یەکسانیان پێ باشترە لە ئازادی، هەروەها بە دەسەلاتێکی بەهێز رازی دەبن، کە ئەوەندەیان لێی دەوێت زەوتی ئەوە بکات هەندێکیان

بەسەر ئەوانی تردا بەرز ببنەوە. لە حاڵەتی کۆمەڵگەی ئەمریکیدا، خوو و رەوشت و ئایین، و دادگای میللی، و ئینجا رۆڵی یاسادانەر، برێکن لە چارەسەری خەیاڵکارانە لە پێناو خۆ پاراستن لە مەترسی باڵادەستی روو لە زیادی دەسەڵات بەسەر تاکەکەسەوە. بەڵگەی ئەمە ئەگەر پێویستمان بێت، ئەوەیە کە دیموکراسی هونەرێکی تایبەتی دەوێت، کەئەویش بەهرە و لێهاتوویی دیسپلینکردنی زۆردارییە تایبەتەکانییەتی.

بەلام دام و دەزگا ئەمریکییەکان شیاوی گواستنەوە بۆ فەرەنسا نین. کودەتای لویس ناپلیۆن پۆناپارت ساڵی (١٨٥١)، دوپاتی دژواری تەباکردنی نێوان یەکسانی و ئازادی کردەوە. بۆچی وەها دژوارییەك لە گۆرێدایە؟ کتێبی رژێمی کۆن و شۆڕش هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

## رەمزی پرسی لیبراڵیزم

تۆکڤیل لەبری ئەوەی شۆڕشی فەرەنسی بکاتە دابرانێك لە رژێمی کۆن، ئەو دەیکاتە خاڵی پێگەیشتنی ئەو پەرەسەندنانەی کە لەماوەی چەندین سەدەی فەرمانرەوایی پاشایەتیدا دەرکەوتن، بەدیاریکراویش سەنتەرێبوونی دەسەڵات دەسەڵاتی پاشایەتی بە خنکاندنی شێوە نێوانکارەکانی دەسەڵات و ژیانی سیاسی لۆکاڵیی ماوەمیراتی سەدەکانی ناوەراست و، کاروباری سیاسی لای فەرەنسییەکان شاردەوە. بەم جۆرە کێشمەکێش بۆ ئازادیی سیاسی ناکرێت تەرجەمە بکرێت تەنیا بە رق و تورەیی شۆڕشگێری و داواکردنی سرینەوەی رابردوو (table rase) نەبێت. سەرکەوتنی کتێبی رژێمی کۆن، بێ هیچ ناکۆکییەك تۆکڤیلی کردە رەمزی پرسی لیبرالیزم. بەلام لە کۆتایی سەدەی (١٩) دا، کە کایە تەقلیدییەکان (مێژوو و زانستی سیاسی...) سیفەتی زانستیان بەخۆیانەوە گرت و، رەگداکوتینی کۆماری سێیەم، ئەمە بێ ئەوەی باس لەوە بکەین کە نمونەی ئەمریکی لە سەردەمی جەنگی جیاکارییەوە راستگۆیی لەدەست دابوو... هەموو ئەمانە بوونە مایەی ئەوەی بە نیوە تەواوی بخرێتە سوچی لەبیرکردنەوە. ئیدی دەبوو چاوەروانی هەردوو دەیەی پەنجاکان و شەستەکان بین، تاکو سەر لە نوێ لە کەشفکردنەوەی کتێبەکانیدا بەشدارییبکەین. بەمجۆرە، ریمۆن ئارۆن لە کتێبەکەیدا «قۆناغەکانی هزری سۆسیۆلۆژی» تۆکڤیل، هەروەك مارکس و ئۆگەست کۆنت، هەتا پایەی باوکی دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیا بەرز دەکاتەوە، لەمیانەی دداننان بە فەزلی تۆکڤیلدا لەوەی کە پرسی پەیوەندی نێوان یەکسانی و ئازادی لە کرۆکی بیرکردنەوە لە دیموکراسیدا داناوە، و ئارۆن وەك ململانێی چینەکان هەژماری دەکات.

لێکچوونی روو لە زیادی کۆمەڵگە لە شەستەکاندا و کۆمەلگەی دیموکراسی کە تۆکڤیل وا وەسفیکردوە (جەختکردنەوە لەسەر رەفتارزانیی چێژ، تاکگەرایی، و هاوشێوەیی هەلومەرج...)ـە، دپسان پاساوی سەر لە نوێ بایەخدانەوەی زانستە کۆمەلایەتییەکانی بەم لێکۆلەرە دایەوە. لە ساڵی (١٩٧٩)وە کارە مێژووییە وەسفییەکانی فرانسۆ فۆرێ لەبارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە کەوتە هاندان بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی دیاردەی شۆڕشگێری لەبەر رۆشنایی بەرهەمەکانی تۆکڤیلدا. وەك دەردەکەوت ئەو جەخت لەسەر شکستی هەربوونی (حەتمی) هەر سیستمێك دەکاتەوە، کە تەنیا لەسەر بنەمای یەکسانی بەند بێت، رووخانی سیستمی سۆڤییەتی بەدلنیاییەوە، بایەخدانی بە کارەکانی تۆکڤیل پتەو و زۆرتر کرد.

## رووداوەکانی ژیانی تۆکڤیل

ساڵا رووداوەکان

١٨٠٥ (٢٩ی تموز)
لە پاریس لە باوکێك سەر بە ئەرستۆکراتە مێژینە نۆرماندییەکان، و نەوەی مالشیرپ، پارێزەری لویسی شازدە لە دایك بووە.

١٨٢٠-١٨٢٧
لە کۆلێژی پاشایەتی لە میتس، و لە پاریس (ماف)ی خوێندوە، گەشتێکی بۆ ئیتالیا کردوە

١٨٢٧-١٨٣٠
چاوی بە گۆستاف دو بۆمۆن کەوتوە، کە لە گەشتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەبێتە یاوەری، لە تەموزدا تۆکفیل لە بەشی چەپی پاشایەتیدا بوو.

نیسانی ١٨٣١- ئاداری ١٨٣٢ گەشت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

١٨٣٢- ١٨٣٥ بەشی یەکەمی کتێبی (لەباری دیموکراسییەتەوە لە ئەمریکا)ی نوسی، و گەشتی بۆ ئینگلتەرا و ئێرلەندا کرد، لەگەڵ ئافرەتێکی ئینگلیزیدا بە ناوی میری موتلی، هاوسەرگیریکرد

١٨٣٦ حالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەپێش و لە ١٧٨٩ی بڵاو کردەوە.

١٨٣٨ بۆ ئەکادیمیای زانستە ئاکاری و سیاسییەکان هەڵبژێردرا.

١٨٣٩ بووە نوێنەری پەرلەمانی، و سێ راپۆرتی لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ئۆردوگاکاندا نوسی (١٨٣٩)، و چاکسازی زیندانەکان (١٨٤٣)، و دواجار لە بارەی جەزائیرەوە، دوای ئەوەی دوجار سەردانی ئەو وڵاتەی کرد (١٨٤٧) دەرکرد

١٨٤٠ بەشی دووەمی کتێبی دیموکراسی لە ئەمریکا

١٨٤١ لە ئەکادیمیای فەرەنسی هەڵبژێردراوە

١٨٤٨ ئەندامی لیژنەی دووبارە دارشتنەوەی دەستوری نوێ

١٨٤٩ وەزیری کاروباری دەرەوە.

١٨٥١ نەیاری کودەتای لویس پۆناپارت، و کشانەوەی لە ژیانی سیاسی.

١٨٥٦ دەرچوونی کتێبی رژێمی کۆن و شۆڕش

١٨٥٩ (١٦ی نیسان) کۆچی دوایی لە کان(Cannes)کرد

### سەرچاوە:

-علم الإجتماع، من النظريات الكبرى الى الشؤون اليومية، أعلام و تواريخ و تيارات، إعداد و تحرير: فيليب كابان و جان فرانسوا دورتيه، ترجمة: الدكتور إياس حسن، دار الفرقد للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، ٢٠١٠.